# Tekoshan No.205

The Organ of Central Committee The Organization Struggle of Iranian Kurdistan

**ئادرەسی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، لەسەر شەبەکەی جیهانیی ئەنتەرنێت**

ئادرەسی سایتی ئەنتەرنێتی سازمان: http://www.sazmanikhabat.com    کۆمیتەی ئافرەتانی سازمان: komitay_ afratan@yahoo.com

http://www.khabatmedia.com    Emai: tekoshan20002003@yahoo.com

sazmanikhabat@yahoo.co.nz    Email:Sazmanikhabat@hotmail.com

نوینەری سلێمانی: ٧٥٠١٠٦٢٣٧٩   ٠٧٧٠٣٥٦٢٨١٤    Email: dangikhabat2003@yahoo.com

ئاریافون: ٠٠٩٦٤٦٦٢٥٢٩٥١٨    کۆرك تیلکۆم: ٠٠٩٦٤٧٥٠٤٤٩٧١٣٨

دەفتەری نوێنەرایەتیی هەولێر: موبایل: ٠٠٩٦٤٧٥٠٤٦٨٧٢٠٩   ٠٠٩٦٤٦٦٢٢٢٠٨٦١   pewandi_hawler@yahoo.com

24th Year Nomber ((205)) 27 of Razbar 2708 Kurdish Colemdar falling no 1387 Hijri I Falling 28th october 2008


## کەمبوونی ویتامین دی D پێوەندی بە نەخۆشی پارکینسۆن، وە هەیە



لێکۆڵینەوەی دەستەیێك لە زانایانی ئەمریکایی دەری دەخا ٥٥ لەسەدی ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشی پارکینسۆن، (نەخۆشی لەرزین) بوون هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەمبوونی ویتامین دی لە لەشیاندا. زانایانی زانستگای (ئەموری) دەڵێن سەرەڕای لێکۆڵینەوەکان تا ئێستا بە تەواوی دڵنیا نین کە کەمی ویتامین دی لە نەخۆشی پارکینسۆن کاریگەری هەیە. نەخۆشی پارکینسۆن بەهۆی تێك گیرانی سیستمی سەرەکی (اعصاب)، بە دەرکردنی مادەی سیمیایی دوپامین لە کۆتایی خانەکان، دامەزراوەی اعصاب لەکار دەخا. گرینگترین نیشانەکانی نەخۆشی پارکینسۆن، بریتین لە، لەرزینی ئەندامانی لەش، وەك دەست و پێ، کەم توانایی لە جوڵەو هەڵسوڕاندا. لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا هاتبوو کە مێشك بەشێکی ڕەشی هەیە، لەکاتی نەخۆشی پارکینسۆن ئەو بەشە لە مێشکدا کە چەند ڕاداری هەیە بۆ وەرگرتنی ویتامین دی عەیب دەهێنێ، لێکۆڵەرەوان دەڵێن ویتامین دی بۆ کارکردن و توانای ئەو بەشەی مێشك گرینگە. لەرێگەی خواردنەوە لەش ویتامین دی وەردەگرێ، بەڵام گرینگترین رێگە بۆ ئەوەی لەش ویتامین دیی D وەرگرێ خۆ خستنە بەر رۆژ (هەتاو)ە. کەمی ویتامین دی دەبێتە هۆی چەندین نەوع سەرەتان و نەخۆشی وەك ام اس و نەخۆشی قەند (شەکرە) .

## دوو ملوێن و دووسەد هەزار بێکار

رۆژنامەی جامی جەم، لە زمان وەزیری کارەوە هەواڵی دا کە ژمارەی بێکاران لە ئێران لە وەرزی بەهار دا گەیشتۆتە دوو ملوێن و دوو سەد هەزار کەس.

بە پێی نووسراوەی ئەو رۆژنامە محەممەدی جەهرومی گووتوویەتی: رێژەی بێکاری لە بەهاری ئەو ساڵ دا نزیك بە ٩/٦ لە سەد بوو و بەو پێ یە دوو ملوێن و ٢٠٠ هەزار کەس لە ئێران بێکارن.

بە پێی ڕاپۆرتی ئەو رۆژنامە ناوبراو ئیشارەی بە ڕێژەی کەم و زیادی بێکاری نەکردوە بەڵام گووتوویەتی: ئەگەر موشکلاتی بانکی و سەرمایەی تایبەت بۆ پێك هێنانی کار لە بونگاکان چارە سەر بکرێ، دەتوانین بە کەم بوونەوەی بێکار هومێدوار بین.

## کوژرانی ٢٧٠٠ منداڵی ئێرانی لە ڕووداوی هاتووچۆدا

رۆژنامەی ئیعتماد لە کوژرانی ٢٧٠٠ منداڵ لە رووداوی هاتووچۆدا هەواڵی داوە، و نووسیویەتی کە لە ساڵی ١٣٨٥دا نزیك بە ٩٥ هەزار منداڵ و مێرمنداڵ بەو هۆیەوە کوژراون.

بە پێی نووسراوەی ئەو رۆژنامە، رۆژی دووشەممە ١٥ی ڕەزبەری ١٣٨٧ نوێنەری یونیسیف لە ئێران بەبۆنەی رۆژی جیهانی منداڵ، نیگەرانی خۆی لە هەل و مەرجی مردنی منداڵان لە رووداوی هاتووچۆدا لە ئێران دەربڕی و ڕایگەیاند هەل و مەرجی هاتووچۆ لە ئێران بە زۆری زەرەر لە چینی لاوی کۆمەڵگای ئێران دەدا.

ناوبراو تەئکیدی کردوە کە لە ساڵی ١٣٨٥دا نزیك بە دوو هەزار و حەوسەد منداڵی ژێر ١٥ ساڵ تەمەن بە هۆی رووداوی هاتووچۆوە دەمرن کە ئەو ئامارە جێی داخە.

ئەو رۆژنامەیە لە زمان دوکتور ئەمیر ئەمیرخانی سکرتێری گشتی سلامەتی، خانەوادە و مەدرەسەی وەزارەتی بێهداشت، نوسیویەتی: ٣٦ لە سەدی مردنی منداڵان لە ئێران بە هۆی رووداوی هاتووچۆیە.

## گوێدان بە موسیقا لەڕێگەی گوشی زیان بە هەستی بیستن دەگەیێنێ



بە پێی لێکۆڵینەوەیێك لە یەکێتی ئورووپا، لەهەر ١٠ کەس لەوانەی لەدەزگاکانی بڵاوکردنەوەی موسیقای بچوك کەڵك وەردەگرن، کەسێك لەگەڵ مەترسی لەکیس چوونی هەستی بیستنی هەمیشەیی بەرەوروو دەبێ. زانایان دەڵێن کەسانێك کە لەماوەی زیاتر لە ٥ ساڵ رۆژانە زیاتر لەیەك ساعەت موسیقا بە دەنگی بەرزەوە گوێ دەگرن، لەگەڵ زیانی قەربوونەکراوە بە گوێیان بەرەوروو دەبن.

ئەو لێکۆڵەرەوانە دەڵێن، ئەو هەل و مەرجە سەبارەت بە نزیك ١٠ میلیۆن کەس لەسەرانسەری ئوروپا کە منداڵان و گەورەساڵانیش لەخۆ دەگرێ. کومیسیونی ئوروپا نیگەرانە لە کەڵك وەرگرتنی بەربڵاوی موسیقا لە نێو لاوان لەرێگەی گوشیەوە، خوازیاری بەرێوەبردنی لێکۆڵینەوە بوون.

## وایرۆسی ئیدز زیاتر لەسەدەیەك لەوەپێش تووشی مرۆڤ بوو



لێکۆڵینەوە نوێیەکان باس لەوە دەکەن کە وایروسی ئیدز، "ئێچ ئای وی" زیاتر لەسەدەیەکە لەنێو مرۆڤەکان لەهاتوچۆ دابێ.

لێکۆڵینەوەکان لەسەر وێنەی سەرەتایی لەو وایرۆسە لە ئافریقای ناوەندی دەری دەخات کە بڵاوبوونەوەی ئەو وایرۆسە لەنێو مرۆڤەکان لەوانەیە لەدەیەی ١٨٨٠ دەستی پێکردبێ.

دانیشمەندان پێشتر لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە گواستنەوەی وایرۆسی "ئێچ ئای وی" لەو جۆرەی کە مەیمونەکانی تووش دەکرد بوسەر ئەو جۆرەی کە مرۆڤەکان تووش دەکات لە دەیەی ١٩٣٠ روی دابێ.

پێداچوونەوەکان باس لەوە دەکەن کە ئێچ ئای وی بۆ چەندین دەیە هێدی هێدی بڵاودەبوویەوە و لەدەیەی ١٩٨٠ لەناکاو پەرەسەندنێکی خێرای بەخۆوە بینی. ئیدز گیانی لانی کەم ٢٥ میلیۆن کەسی لەسەرانسەری جیهان گرتووە و میلیۆنها کەسیش گیرۆدەی بوون.

نەخۆشی ئیدز "ئێچ ئای وی" یەکەمین جار لەساڵی ١٩٨١ لەلایەن پسپۆرانی بواری پزیشکی دۆزرایەوە. "دوکتور مایکل روبی" کە ئەو لێکۆڵینەوانەی سەرپەرشتی کردووە دەڵێ کە "ئێچ ئای وی" وایروسێکە کە چ لەرابردوو و چ ئەمرۆ بە خێرایی دەگوازرێتەوە، هەرلەبەر ئەوەش کلیلی سەرکەوتنی وایروس بە ئەگەری زۆر پەرەستاندنی شارەکان لە سەرەتای دەیەی ١٩٠٠ بووە. زۆربوونی حەشیمەت لەوشارانە ئەگەری گوازتنەوەی وایروسی بۆ باقی کەسەکان رەخساندووە.

***

## ئەحمەدی نژاد لە ٦٣ کۆبوونەوەی کۆمەڵی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان

**سارۆ**

لە شاری نیۆیۆرك ٦٣ هەمین کۆبوونەوەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بەرێوە چوو. لەو کۆبونەوە چەند رۆژەیەدا، سەرۆك کۆمارو، سەرۆك وەزیرو، نوێنەری وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتوەکان ووتاریان خوێندەوە و هەوڵیان دا سیاسەتەکانی حکومەتەکانیان لە پێوەند بە کێشە سیاسیەکان بخەنە روو، لە هەمان کاتیشدا پێشنهادەکانیان بۆ چارەسەرکردنیان دەست نیشان بکەن. لەو کۆبوونەوە گرینگە جیهانیەدا، وەك دەورەکانی رابردوو ئەحمەدی نژاد سەرۆك کۆماری رژیم قسەی کرد، قسەکانی ئەحمەدی نژاد پڕبوو لە هەڵەو دوور لە شێوە سیاسەتی ئوسوولی حکومەت و دەسەڵاتێك کە بەتەنگ میللەتەکەی و چارەنووسی بێ. ووتارەکەی ئەحمەدی نژاد، پێك هاتبوو لە هەڕەشە لە ووڵاتان، سوکایەتی کردن بە رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان، حەزی شەڕ خوازی دەسەڵاتی ئاخوندی. وەك هەمیشە ئەحمەدی نژاد هێرشی بۆسەر ئیسرائیل بردو بەزاهیر دیفاعی لە خەڵکی فلستین کرد هەروەها ئوروپا و ئەمریکای بەوە تاوانبار کرد بەوەی بوونە جێی گەمەی ئیسرائیل و ئەو ووڵاتە بەکەیفی خۆی بۆ کێشەکانی بەکاریان دێنێ. بەوتەی زۆربەی شارەزایان قسەکانی ئەحمەدی نژاد لەڕیزی بێ بنەماترین و بێ کەڵك ترین ووتار و ئاخاوتنەکان بووە کە سەرۆکی ووڵاتێك لە کۆبوونەوەی کۆمەڵی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان داویەتی. ئەحمەدی نژاد وەك سەرۆکی یەکێك لە کۆنترین ووڵاتانی جیهان، دەیتوانی پەیامی ئاشتی، تەبایی بۆ کۆمەڵگایی جیهانی پێ بێ، بەڵام تەواو بەپێچەوانەی پەیامی شەڕ، وێرانی جەنگ، دواکەوتوویی پێ بوو. لەجیات ئەوەی رێگە چارەیێکی شیاو و سەردەمیانە بۆ ئالۆزیەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و گەلاڵە مەترسیدارە ناوکەییەکانی رژیمەکەی باس بکات. قسەی لەناوبردنی ئیسرائیل و بەردەوام بوونی گەلاڵە ئەتۆمیەکانی دووپات کردەوە، و جارێکی دیکە لە تەپڵی شەڕی دایەوە. سەیر و سەمەرە ئەوەیە راگەێنەکانی رژیم، باس لە سەرکەوتنی سەفەری ئەحمەدی نژاد و گرینگی ووتارەکەی دەکەن و بڵاویان کردەوە کە سەرۆکی رژیم جێ بایەخ ترین سەرۆکی بەشداری کۆبوونەوەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لەبەر چاوی راگەێنە جیهانیەکان بووە و گرینگی زۆریان پێ داوە. بێ گومان دەبێ راگەێنەکانی رژیم بەپێچەوانەی راستیەکان باس لە ووتارەکەی ئەحمەدی نژاد بکەن و بە باڵایدا هەڵ بدەن و رابگەێنن سەفەرێکی سەرکەوتووی بووە. دیارە راگەێنە جیهانیەکان لەبەر گرینگی ووتارەکەی و بایەخی ئەحمەدی نژاد وەك سەرۆك کۆمارێکی مودێڕن و پێش کەوتوو گرینگیان پێ نەداوە، بەڵکوو گرینگەکەیان لەبەر ئەوە بوو کە ئەحمەدی نژاد ووتارێك دەخوێنێتەوە کە شەڕ و وێرانی و دواکەوتوویی سیاسەتی دەسەڵاتەکەی دەردەخا بۆیەیان گرینگی بە ئەحمەدی نژاد دا، چونکە سەرۆك کۆماری دڕندەترین، دواکەوتووترین، رژیمی دەسەڵاتدارە کە هاوەڵاتیانی بەبێ هیچ بنەماییك زیندانی دەکا، مافی ئازادی هەر تاکێك پێ شێل دەکا، نەتەوەکانی پێك هێنەری ئێران سەرکوت دەکا، مافی مەزهەبی بیرو بۆچونی ئازاد لە ئێرانێکی پێك هاتوو لە بیرو بۆچوونی جیاجیا قەدەغە دەکا. بەکورتی ئەوەی رژیمی ئێران لەماوەی دەسەڵاتداریدا لە بەرانبەر خەڵکی ئێران بە کردەوە بەرێوەی بردوە، سەرکوت، ئیعدام، گرانی، شەڕ و دەیان دیاردە و رەفتاری نا مرۆڤانە بووە. بۆیە لێرەدا ئەو پرسیارە خۆ دەنوێنێ دەبێ راگەێنە گشتیەکانی رژیم بە چ رووێك باس لە گرینگی ووتارەکەی ئەحمەدی نژاد و سەفەری ناوبراو بۆ نیۆیۆرك بکەن؟ جێ ی سەرسوڕمانە، ئەحمەدی نژاد رادەگەێنێ لە ئێراندا ئازادی رێزی لێ دەگیرێ و هەموو کەس دەتوانێ قسەی خۆی بکاو رەخنە لە بەرپرسان بگرێ. ئەوە لە کاتێکدایە بە دەیان لە رۆڵەکانی کورد و ئازادیخوازی ئێران لە زیندانەکانی رژیم دا لەژێر شکەنجە و هەڕەشەی ئێعدامدان. ئەحمەدی نژاد دەبێ ئازادی بە چ شێوەێك لێك بداتەوە، رەنگە ئازادیەکەی ئەحمەدی نژاد مانای ئەوە بێ هەرکەس لە ئێراندا، لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ولایەتی فەقێهدا بێ و ئەمری ئاخوندان بەجێ بگەێنێ ئەوە رێگەی پێ دەدرێ بژی و لێپرسینەوەی لەگەڵ نەکرێ. کەس نیە نەزانێ رژیمی ئێران، تا چ رادەییك بێ بەزەییانە سەرەتایی ترین مافی مرۆڤی پێ شێل کردوە. بەراستی روداریی و بێ ئابڕویش رادەی هەیە، کە بێ گومان ئەحمەدی نژاد، و ئاخوندان لە سنووریان تێ پەڕاندوە دەنا چۆن لە روویان نە دەهات ئەو درۆ گەورە بکەن کە ئازادی لە ئێراندا هەیە و هەموو کەس مافی لەبەرچاو گیراوە.

***

**بڕوخێ ڕژێمی ئاخوندی ئێران**